# شەونم

هۆنراوەی (60)

یوسف گم گشته باز آید به کنعان غم مخور

یۆسفی ون بوو  هەمیسان دێتە کەنعان خەم مەخۆ
خانی خەم رۆژێ دەبینی وەک گوڵستان خەم مەخۆ
ئەو دڵە غەمگینە حاڵی چادەبێ دوودڵ مەبە
ئەو سەرە سەودایی یە دێ روو بە سامان خەم مەخۆ
گەر تەمەن یاری بکا ساڵێکی دی فەسڵی بەهار
گوڵ دەبێتە سایەوانت بولبولی جوان خەم مەخۆ
تۆ کە رازی غەیبی نازانی هومێدێ بەرمەدە
پشتی پەردەی لێ یەتی چاکی نیازان خەم مەخۆ
سووڕی دنیایە ئەگەر دوو رۆژ بەکەیفی تۆ نەبوو
کەیف و خۆشی دێنەوە وەک جاری جاران خەم مەخۆ
گەر بە عیشقی دیتنی بەیتێ بەڕێوەی بۆ حەجێ
با لە پێیت راچێ دڕوو و داڵی موغیلان خەم مەخۆ
گەر بناغەت هەڵکەنێ ئەوڕۆکە سێڵاوی نەمان
گەمیەوانت چونکە نووحە قەت لە تۆفان خەم مەخۆ
گەرچی رێگا زۆر بەترسە و نادیارە مەنزڵیش
ئاخری کۆتایی دێ رێگەی بیابان خەم مەخۆ
چۆنیەتی ئێمە لە دووری یار و سەرکۆنەی رەقیب
پاکی روون و سوورە لای زانای رازان خەم مەخۆ
حافزا لەو کۆنەکۆخە و خەڵوەتی شەوگاری تار
زیکر و فیکرت تا دوعایە و دەرسی قورئان خەم مەخۆ

حافزی حەقیقی